**له بیرم ناچنه‌وه**

ڕه‌حمانی سۆفی

له بیرم ناچنه‌وه. قه‌ڵای سه‌ردار، مزگه‌وتی گه‌وره‌ی شار ( مه‌زگه‌وتی جامعه ) حه‌وزه گه‌وره‌. له داوێنی قه‌ڵاکه‌شه‌وه‌، ڕووبه‌ڕووی حه‌وزه‌که‌، میوانخانه‌ی عه‌بدوللا و حه‌سه‌نی فه‌تحی. خیابانی ئه‌سڵی شار له چوار چراوه تا مه‌یدانی نه‌خۆشخانه‌ی گه‌وره‌. خیابانی سه‌قز له گه‌ڕه‌کی تاڵواره‌وه‌، دوخانیاتی کۆن، له وێوه تا ده‌گاته گه‌ڕه‌کی قوله‌. خیابانی میراوا تا ئه‌و به‌ری پردی ئاسن و باخی بڵاڵوک. ڕووباری ته‌ته‌هو که له گه‌ورکانه‌وه شیوا و شیو ده‌خوشێ و له خوار زمبیل و قه‌ره‌گوێزه‌وه ده‌بێته چۆمی ته‌ته‌هو. و له خوار قازڵیان و کۆسه‌وه له نێوان بۆکان و میرئاوادا گۆمی سه‌رسه‌کۆی پێک دێن. ده‌چم بۆ گه‌ڕه‌کی قه‌بران. گومبه‌زی سه‌ردار و زیاره‌تی مام پاپیر، ده‌گه‌ڕێمه‌وه بۆ لای قسنی شێخ مه‌حمود و چه‌ن قه‌بری به جیاواز که خڵکی پێیان ده‌گوتن « قه‌بره جولوکه » داده‌گه‌ڕێم بۆلای خانوی تازه دروستکراوی بێهداری .له‌وێشه‌وه به‌ره‌و مه‌یدانی حه‌یوان، یان حه‌فته بازاڕ. له خوار مه‌یدانی حه‌یوانه‌وه بۆ مه‌یدانی که‌ران. تا ده‌گه‌مه خیابانی کۆن. له قه‌پانی حه‌مه‌ده‌مین ئاغای ئێلخانی زاده وه‌. ده‌چم بۆ لای خه‌یاته‌کان یه‌که یه‌که به‌سه‌ریان ده‌که‌مه‌وه‌. - ۱ کاک ئه‌حمه‌دی « ئامین له‌بار » شۆره‌ت جه‌لالی - ۲ میرزا حه‌مه‌ساڵه‌ی شاوێردی - ۳ میرزا عه‌بدولخالقی غه‌وسی - ٤ میرزا حسه‌ین و کاک حه‌سه‌ن کورانی « مینه چاو شین »٥- حاجی مه‌حمودی « ئه‌حمه‌د که‌ره قوڵ » -٦ حاجی محه‌مه‌د و میرزا عه‌لی برای شاقولی.

له خیابانی کۆنه‌وه به قه‌ڵمباز بۆ به‌ری قه‌پانی قاسماغای موهته‌دی. له هه‌مبه‌ر چایخانه‌ی فه‌تحوڵای مه‌ردانی. وه‌ستا محه‌مه‌دی سه‌عیدی. که دوایه بووه به‌زار و کوتاڵ فرۆش. داناگه‌ڕێم بۆ لای گوزه‌ری ئاسنگه‌ره‌کان. وه‌ستا سه‌عیدی نه‌زه‌ری، وه‌ستا ئه‌حمه‌دی خاڵۆیی، وه‌ستا حسین و وه‌ستا حه‌سه‌نی به‌سری، وه‌ستا مه‌حه‌مه‌د و عه‌وڵای برای. ڕاسته‌وخۆ ده‌گه‌مه گوزه‌ری خه‌یاته‌کان له نێوان گه‌ڕه‌کی جوله‌که‌کان و خیابانی سه‌ره‌کی شار. له دووکانی حاجی شاخه تێده‌په‌ڕم. یه‌که‌م خه‌یات میرزا برایمی نه‌وبه‌ختی، کاکه حه‌مه‌حسینی حاجی حه‌سه‌ن، له‌مبه‌ر میرزا مه‌حمودی به‌هرامی. ڕوو به‌ڕووی ئه‌و ڕۆحی شادبێ حاجی ئه‌حمه‌دی که‌یخوسره‌و. « ئه‌و ده‌رزی خه‌یاتی داده‌ستم و فێری جلوبه‌رگ دوورینی کردم، تاماوم له بیرم ناچێته‌وه ». هه‌ر له‌و گوزه‌ره‌دا خه‌یاته‌کانی دی، حاجی حوسینی عه‌لیزاده‌، مام ره‌حیمی پیره‌، وه‌ستا مه‌حمودی سلیمان. میرزا حوسینی مه‌جیدی، وه‌ستا عه‌وڵای قه‌ره‌گوێز. دێمه‌وه سه‌ر خیانابی ئه‌سڵی. میرزا ڕه‌حمانی عه‌لیزه‌ردان. کاک قادری که‌ریمی جوان. مه‌ستا مه‌نافی شریفی. یادی به خێر شاگری ئه‌ویش بوم. زۆر پیاوی چاک بوو. مام غه‌نی پیران، هه‌تا بڵێی پیاوێکی زانا و قسه خۆش بوو.

ئەو خەیاتانەی کە ناویانم هێناوە جلوبەرکی کوردیان دەدووری. بەڵام باو گۆڕدا و جلوبەری مەدەنی یان کوت و شلوار بووە مۆد. حەو کەسانەی کە لە بۆکان کوت وشەلواریان دەدروو. میرزا مارف خەیاتی لوکس، کە لەمهابادەوە هاتبوو. میرزا عەلی جەواهێری مۆدی ئەمریک. حوسینی کوردپوور. کاک محەمەدی مام شەریف، خەیاتی نەوین. شاگردی ئەویش بووم. کاک تاهیری ئاسەف، عومەری سەلیمی « عومەری خونچە » وەستا محەمەد و عەبوی برای پێیان دەگوت « شەببەخێر »

خوێنەری بەڕێز! ئەگەر هەڵم کردبێ بمبوورن. ئەم نوسراوەیە. نە مێژوو نوسینە و نە فاکتای لایەنگری کردن یان دژایەتی کردن. تەنیا بیرەوەری خۆمە و هیچیتر.